Referendum for Kurdistan

**International campaign for Referendum for Independent Kurdistan**

PO BOX 32 525 LONDON ILFORD IG1 3BZ TEL:07739114351 & FAX:08701382283

**EMAIL: asokamal@yahoo.com WWW.KURDISHMEDIA.COM/REFERENDUM**

## بۆبەرگرتن بە لەشکرکیشی تورکیا
## پیویستە جەبهەیکی جەماوەری بەهیز دژی شەڕیئەمریکا پیك بهینین

**حکومەتی تورکیا بێباکانە پەردەی لەسەر مامەلەی خۆی لەگەڵ ئەمریکادا لەسەر شەڕ دژی عیراق لادا. کۆنترۆلی عسکری کوردستان لەلایەن سوپای تورکیا ئەو دیاریەیە کە ئەمریکا پیشکەشی حکومەتی تورکیای دەکات لەبەرامبەر بەشداری وهاوکاریدا لەشەری چاوەروانکراوی عیراقدا .ئەم پەیامە سەرانی ئەحزابی حاکمی کوردستان ،کە لەو کۆبونەوە سێقۆلیەکەی ئەم دوایی‌یەی تورکیا ،ئەمریکا و یەکیتی وپارتی دا پێیان راگەیەندرابوو ،جورئەتیان نەبوو بیدرکینن چونکە تارمایی کۆتایی دەسەلاتداریتیان بوو وە هاوکات ڕووی هەرچی پروپاگەندەی خێر و بەرەکەتی شەری ئەمریکا بوو ڕەشی کرد.**

**ئەم لەشکرکیشیەی تورکیا لەسەر ئەساسی بەشداری تورکیا لەشەری ئەمریکا دژی عیراقدایە. بەبێ ئەم شەڕەی ئەمریکا تورکیا ئەم لەشکرکیشیە بۆ مانەوە لەعیراقدا و کۆنترۆل کردنی کوردستان لە ئیمکانیدا نیە.ئەمە ئاکامی شەڕی ئەمریکا و بەشی تورکیایە لەو شەڕە لە عیراقدا . هەربۆیە هەر هاتوهاواریك دژی لەشکرکیشی تورکیا لەلایەن ئەحزابی حاکمەوە لەپاڵ پیشوازیان لەشەڕی ئەمریکادا پەلەقاژەی میلیشیایەکی هەڵگەڕاوە دەبێت کە زوو دەتوانرێ لەلایەن فەرماندەکانی شەڕیانەوە دەم کوت بکرێت.**

**تورکیا جیگایەکی گرنگی لە ستراتیژی ئەمریکاداهەیە و نەك تەنها لە کاتی شەری عیراقدا یەکیك لە بنکە عەسکەریەکانی ئەمریکا دەبیت بەلکو بۆماوەیەکی دورودریژتر دەتوانیت خزمەت بە مانەوە و حزوری عەسکەری ئەمریکا لەناوچەی رۆژهەلاتی ناوەراستدا بکات .لەبەرامبەریشدا تورکیا ئەم مامەلەیەی لەگەڵ ئەمریکادا کردوە کە سوپای تورکیا، لەژیر ناوی پاراستنی ئەمنیەتی خۆی لەترسی "سەربەخۆیی" ، کۆنترۆلی عسکری کوردستان بکات و هەروەها لە ئایندەی کۆنترۆلی بازار و دەسەلات لە عیراقدا بەشیکی شیاوی بەرکەویت. لە ئیستاوە بەئاشکرا باس لە چەك کردنی میلیشیاکانی یەکیتی وپارتی دەکەن و بەناوی پارارستنی تورکمانەکانەوە ریگا بۆ هەر جۆرە تەدەخولیکی عەسکەری و هیرش وپەلاماریکی خۆیان دەکەنەوە.**

**ئەحزابی حاکم لیرەدا کە گلۆلەیان کەوتۆتە لێژی هیشتا بەو هیوایەن کە ئەمریکا ئەم مامەلەیەیان بەسەرەوە نەکات و ئیدارەی کوردستان بەوان بسپیریت . ئەمە خۆش خەیالی بێهودەیی‌یە . لەبەرئەوەی بەرژەوەندی ستراتیژی ئەمریکا لەگەڵ تورکیا قابیلی بەروارد کردن نیە لەگەڵ سوود وەرگرتن لە کارتی کوردەکان کە دوای شەڕی صدام دەسوتیت و بۆ ئەمریکا قیمەتی نامینیت . ئەمریکا ئیدارەی عیراق لەریگای سەپاندنی حاکمیەتی عەسکەری خۆیەوە دەکات نەك فۆتۆکۆپی شینی ئەو نەخشەیەی ئۆپۆزسیۆنی عیراقی و یەکیتی وپارتی خستویانەتە ڕوو . ئەم مەسەلەی حاکمیەتەی عیراق لەقسەکانی خلیل زادەی نوینەری جۆرج بوش دا دیارە کە دەلێ: نابیت ئۆپۆزسیۆن لە کۆبونەوەی صلاحەدیندا باس لە پیکهاتەی قیادە لەعیراقدا بکەن.**

**ئەمانە حەقیقەتی ئامانج و ئاکامەکانی شەڕیك دەبن کە ئەمریکا لە عیراقدا بەهاوکاری تورکیا و وولاتانی هاوپەیمانی دەیەویت بەرپای بکات .هەربۆیە تەدەخولی ئیستای تورکیا خۆی بەشیکە لەم نەخشەو هەدەفانەی کە لەنەخشەی ئەمریکادا جیگایان هەیە و بەشیکن لەو شەڕە.ئەحزابی حاکمی ئیستای کوردستان دەیانەویت لەگەڵ نەخشەی شەڕی ئەمریکادابن بەگشتی بەلام منافەسەی تورکیا بۆلابردنیان لەدەسەلات پێقبولڵ نیە وەك یەکیك لەئاکام وئامانجەکانی نەخشەکە.ئەم نارەزایەتیەی ئەحزابی ناسیونالیستی سەربەئەمریکا وشەڕەکەی بێهودەیە و درەنگ یان زوو ئەمریکا وتورکیا بەهیزی عەسکەری و بەشەڕ نەخشەی خۆیان دادەسەپێنن.**

**ئەمە سیناریۆیەکی ڕەشە کە ئەمریکا وتورکیا بەسەر خەلکی کوردستان و عیراقدا دەسەپینن .یەکیتی وپارتی نەك ناتوانن بەر بەتەدەخول وملهوری تورکیا بۆسەر کوردستان بگرن بەلکو ئەوان بە ریگەخۆش کردن بۆ شەری ئەمریکا کوردستانیان روبەروی ئەم سیناریۆ ڕەشە کردۆتەوە. ئەم هیزانە هەروەك لە 12 سالی رابردوودا پشتیوانیان لە لەشکرکیشی تورکیا کردوە و ریگاخۆشکەر بوون بۆ تەدەخولی تورکیا وئیران ،ئەمرۆش لەئاستیکی فراوانتر و چارەنوس سازتردا خەلکی کوردستان دەکەنە قوربانی شەڕ وتەدەخولی ئەمریکا وتورکیا و**

پاراستنی گیانی خەلك وچارەنوسی ئەو خەلكە هیچ كات مەسەلە نەبوە بۆ ئەم حزبانە و ئەوان لەسەری بەرژەوەندی و مامەلەی حزب و میلیشیاكانیانەوە یاری بەژیان وچارەنوسی خەلكی كوردستان دەكەن.

ئەحزابی حاكمی ئیستای كوردستان ئەگەر بەراستی دژی لەشكركیشی توركیان بۆسەر كوردستان باداوای هاتنە ناوەوەی هیزی نەتەوەیەكگرتوەكان بكەن بۆ پاراستنی كوردستان لەم لەشكركیشیىیە.با رایبگەیەنن كە نایانەویت كوردستان ببیتە مەیدانی شەڕی ئەمریكا و داوا لەنەتەوە یەكگرتوەكان بكەن كە كوردستان بپاریزیت وەك ناوچەیەك كە هەڕەشەی تەدەخولی عسكری و شەڕی لەسەرەو ملیۆنەها ئینسان لەبەردەم خەتەری كارەسات وتراژیدیای گەورەدان .

بێگومان یەكیتی وپارتی ئەم كارە ناكەن وئەوان چارەنوسی خۆیان بەستۆتەوە بەكەوتنە دوای سوپای ئەمریكا بۆ كوشتوبڕی خەلكی عیراق و سپاردنی چارەنوسی عیراق وكوردستان بەئەمریكا . مەسەلەی پاراستنی ژیان وچارەنوسی خەلكی كوردستان دەكەویتە سەرشانی جەماوەرو ئەو هیزە سیاسیانەی كە بەراستی پاریزگاری لەخەلك دەكەن.ئەبیت جەماوەر لەریزەكانی یەكیتی وپارتی دووركەویتەوە وجەبهەیەكی گەورە و بەهیز بۆ خۆپاراستن لەشەڕ ولە شكركیشی پیك بهینێ و داوای پشتیوانی نیودەولەتی بكات بۆ بەهاناوە چوونی و پاراستنی . كەمپینی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی كوردستان چ لە كوردستان و چ لەدەرەوە خوازیاری هاوكاری و كاركردنی خیرایە بۆ پیكهینانی ئەم جەبهە جەماوەریە و دەست بەكاربونی بۆ روبەروبونەوەی خەتەرەكانی ئیستا وئایندە.دەبیت لەبەرامبەر هەرەشەی توركیادا ریگاچارەی سەربەخۆبونی كوردستان لەریگای بەرپاكردنی رفراندۆمیك بەسەرپەرشتی نەتەوە یەكگرتوەكان وەك مافی خەلكی كوردستان بەرزبكریتەوە و پشتیوانی زیاتری بۆ بەدەست بهینریت.

**ئاسۆ كمال**

**بەرپرسی كەمپینی نیونەتەوەیی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی كوردستان**

**كۆتایی شوبات**

---

ئەم كەمپینە سپانسوری كراوە لەلایەن (منصور حكمت)ەوە

كەمپینی نیونەتەوەیی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی كوردستان سپانسۆری دەكریت لەلایەن :

نۆم چۆمسكی، جین لامبیرت، لۆتا هیدسترۆم،كین كۆتس، دینیس گۆلدبیرگ،جۆن پیرسی، ئیریك هیرین